**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ٨٤٩٠ لە ٢٠٢١/٦/٢٧**

پاڵپشت بە ماددەی (٥٠) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکاران و بە مەبەستی پێداچوونەوە و رێکخستنی ماف و میچی سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و مەرجی ئەندامیەتی لە لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا بە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تایبەت بە ماف و میچی سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و مەرجی ئەندامیەتی لە لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا**

- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تایبەت بە ماف و میچی سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و مەرجی ئەندامیەتی لە لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**ماددەی (١):** خشتەی مافی سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا لە سەرتاسەری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت و پێویستە لە میچ (سقف)ی خشتەی ئاماژەپێکراو لە خوارەوە زیاتر نەبێت لەگەڵ رەچاوکردنی دادپەروەری لە پرۆسەی سەرپەرشتیکردن لە نێوان مامۆستایاندا:-

| پلەی زانستی | سەرپەرشتی دکتۆرای کردووە | | سەرپەرشتی ماستەری کردووە | | سەرپەرشتی ماستەر و دکتۆرای نەکردووە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دکتۆرا | ماستەر | دکتۆرا | ماستەر | دکتۆرا | ماستەر |
| پرۆفیسۆر (دکتۆرا) | 4 | 5 | 3 | 5 | 2 | 2 |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر (دکتۆرا) | 3 | 4 | 2 | 4 | 1 | 2 |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر (ماستەر) | - | - | - | 3 | - | 2 |
| مامۆستا (دکتۆرا) * | - | - | 1 بە هاوبەشی لەگەڵ پلەیەکی زانستی بەرزتر | 3 | - | 1 |

* هەڵگری نازناوی زانستی (مامۆستا) پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و مەرجە (١) یەک ساڵ بەسەر وەرگرتنی نازناوی زانستی تێپەڕبووبێت و هەروەها مەرجە (١) یەک توێژینەوەی زانستی دوای وەرگرتنی نازناوی زانستی (مامۆستا) لە گۆڤارێکی زانستی نێودەوڵەتی باوەرپێکراو بڵاوکردبێتەوە کە فاکتەری کاریگەری (Impact factor)ی هەبێت و لە لیستی (Clarivate analytics) ئیندێکس کرابێت.

**ماددەی (٢):** مەرجی ئەندامیەتی لە لیژنەی تاوتویکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

**١-** بۆ تاوتوێکردنی لیژنەی ماستەرنامە، مەرجە ژمارەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ لە (٣) سێ ئەندام کەمتر نەبێت (جگە لە سەرپەرشتیار) بە مەرجێک پێویستە بە لایەنی کەم (٢) دوو ئەندامیان لە دەرەوەی زانکۆکە بن کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن و پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت و ئەندامەکەی دیکە لە ناوخۆی زانکۆکە بێت کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و پلەی زانستی لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت.

**٢-** بۆ تاوتوێکردنی لیژنەی تێزی دکتۆرا، مەرجە ژمارەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ لە (٥) پێنج ئەندام کەمتر نەبێت (جگە لە سەرپەرشتیار) بە مەرجێک پێویستە بە لایەنی کەم (٣) سێ ئەندامیان لە دەرەوەی زانکۆکە بن کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن و پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت و (٢) دوو ئەندامەکەی دیکە لە ناوخۆی زانکۆکە بن کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت.

**٣-** سەرۆک و ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، نابێت لە ماوەی مانگێکدا لە (٢) دوو تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا زیاتر بەشدار بێت لە سەرتاسەری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. واتە دەکرێت سەرۆک و ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردن لە ماوەی مانگێکدا لە (٢) دوو ماستەرنامە یان (٢) دوو تێزی دکتۆرا یاخود (١) یەک ماستەرنامە و (١) یەک تێزی دکتۆرا بەشدار بێت و نابێت لەم ژمارەیە زیاتر بێت.

**٤-** مەرجە تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا لەناو کامپەسی زانکۆ ئەنجام بدرێت و نابێت بە هیچ شێوەیەک تاوتوێکردن ببرێتە دەرەوەی کامپەسی زانکۆ.

**ماددەی (٣):** نابێت هیچ مامۆستایەک ببێتە سەرپەرشتیار یان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا کە پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چواری لەگەڵ قوتابی/خوێندکار دا هەبێت.

**ماددەی (٤):** هەر یەک لە (یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا، و ڕاگری کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ، و سەرۆکی بەشی زانستی، و بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٥):** کار بە هیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت.

**ماددەی (٦):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)بڵاودەکرێتەوە.

**د.ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**